Zanco Journal of Human Sciences (ZJHS)

TYPE: Original article
DOI https://doi.org/10.21271/zjhs.29.SpA.9

OPEN ACCESS

*Corresponding author
Aso Castro Hassan
aso.hasan@su.edu.krd

RECEIVED :16 /10/2024
ACCEPTED :18/03/ 2025
PUBLISHED :15/02/ 2025

# دۆخی کۆمەڵایەتی کۆیلەکان لە ڕۆما لەماوەی ساڵانی (146– 49پ.ز)

**قادر محمد حسن** /بەشی مێژوو،کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین–هەولێر، هەرێمی کوردستان،عێراق

**ئاسۆ کاسترۆ حسن/** بەشی مێژوو،کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین–هەولێر، هەرێمی کوردستان،عێراق

**وشە سەرەکییەکان:**
کۆیلە،
کۆیلایەتی،
گلادیاتۆر،
پێگەی کۆمەڵایەتی.

**پوختە**

دەوڵەتی ڕۆمانی کە لە مێژووی کەوناردا پتر وەکو دەوڵەتێکی کۆیلەگەرا ناسراوە، لە کۆتاییەکانی سەردەمی کۆماریدا لەبەر شەڕ و شۆڕە زۆرەکانی وە هەروەها زۆربوونی نەهامەتی کۆمەڵایەتی بوو بەدەوڵەتێک کە هەزاران کۆیلەی وە خۆوە گرتبوو وە لەنێو دام و دەزگاکانی دەوڵەت و زەوی و مەزراو ماڵەکاندا کاریان پێ دەکرا بۆیە ئەم توێژینەوەیە تەرخان کراوە بۆ پەیبردن بۆ دۆخی کۆمەڵایەتی و ئەو کۆیلانە و چۆنیەتی سەر و دەریکردنی خێزان و دەزگا فەرمییەکانیش لەگەڵ پێگە و بایەخە کۆمەڵایەتییەکانی کۆیلەکان .لەم توێژینەوەدا لە تەوەرێک باسی جۆرەکانی کۆیلە کراوە ق هەر لە کۆیلەی گوند و شار و گلادیاتۆرەکان تا دەگاتە کۆیلەی گشتی. لە تەوەرێکی دیکەدا باسی پێگەی کۆمەڵایەتی کۆیلەکان کراوە، هەر لە پێگەی خێزانیەوە تا دەگاتە ئاستە جیاجیاکانی پێگەی کۆمەڵگایی و نەخش و ڕۆڵیان لەم بواردا.

**About the Journal**
Zanco Journal of Humanity Sciences (ZJHS) is an international, multi-disciplinary, peer-reviewed, double-blind and open-access journal that enhances research in all fields of basic and applied sciences through the publication of high-quality articles that describe significant and novel works; and advance knowledge in a diversity of scientific fields. https://zancojournal.su.edu.krd/index.php/JAHS/about

## پێشەکی

کۆیلایەتی وەکو دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی مەسەلەیەکی دێرینی مێژووی مرۆڤایەتییە، لەو کاتەی کە جیاکاری لە گوزەران و پێگەدا لەنێو مرۆڤەکاندا پەیدابوو. دەکرێت بڵێین هەر لەو کاتەوە کۆیلایەتی وەکو هەڵاوردنێکی کۆمەڵایەتی و ئابووری پەیدا بووە. هەر لەم سۆنگەیەوە یەک لە دیارترین ئەو دەوڵەتانەی کە کۆیلایەتی تێدا تەشەنەدار و فراوانبووە دەوڵەتی ڕۆمانییە، کە هەر لە سەرەتاوە کۆیلایەتی پێ بە پێ تێدا گەشەی کردووە لە سەردەمی ئیمپراتۆردا گەیشتۆتە لوتکە. بایەخی ئەم توێژینەوەیە لەوە دایە، کە سەرەودەری لەگەڵ پێگەی کۆیلەکان دەکات لە کۆتاییەکانی سەردەمی کۆماری کە کۆیلایەتی هەم لە ڕووی چەندایەتییەوە، هەم لە ڕووی چۆنایەتی چاوساندنەوەی گەیشتبووە ئاستێکی ناهەموار، بۆیە دەکرێت لەڕێی ئەم توێژینەوەیە ئاشنا ببین بە جۆرەکان و پێگەی کۆیلەکان لەو سەردەمی مێژووی ڕۆمانیدا، ئەمەش بەرچاوڕوونی زیاترمان دەداتێ لە بارەی دۆخی کۆمەڵگای ڕۆمانی ئەو سەردەمە.

**ئامانجی توێژینەوە:** تێگەیشتنە لە دۆخی کۆیلەکان و ئاشنابوونی زیاترە بە جۆری کۆیلەکان و ئەو هەلومەرجەی کە تێیدا دەژیان.

**ڕێبازی توێژینەوە:** زیاتر گەڕان و تێگەیشتنە لە جۆر و دۆخی کۆیلەکانی ئەو سەردەمە لە ڕێگای هەڵێنجانی زانیارییە مێژووییەکان و شرۆڤەکردنیان بە شێوەیەکی بابەتییانە.

پێکهاتەی ئەم توێژینەوەیە وا ڕێکخراوە، کە جگە لە پێشەکی دوو تەوەر لەخۆ بگرێت. تەوەرە یەکەم تایبەتە بە لێکۆڵینەوە لە جۆری کۆیلەکان کە جۆرەکانی وەکو کۆیلەی گوندەکان و شارەکان ، گلادیاتۆر ، کۆیلەی قەرز و گشتیش باسکراون. هەرچی تەوەرەی دووەمە تەرخان کراوە بۆ باسکردنی پێگەی کۆمەڵایەتی کۆیلەکان هەر لە خێزانەوە بگرە هەتا ئاستەکانی دیکە، دیاریکردنی پێگەی ئافرەت و منداڵ و ماف و ئەرک و ئاستەنگەکانی پێش دۆخە کۆمەڵایەتیەکەیان.

## بارودۆخی کۆمەڵایەتی کۆیلەکان

### جۆرەکانی کۆیلە:

ڕۆمەکان دابەشبوونێکیان لە نێوان دوو پۆلی کۆیلەدا کردبوو ، یەکەمیان کۆیلەی شار(familia urbana)، دووەم کۆیلەی گوندەکان(Familia rustica)، چونکە بەگشتی وشەی لاتینی (Familia)ئاماژە تەنها بە خێزان ناکات، کە ئێمە تێگەیشتووین، بەڵکو ئاماژەیە بۆ هەموو ئەو کەسانەی کە پەیوەستن بە سەرۆکی خێزانەوە بە کۆیلەکانیشەوە (Dillon & Garland, 2021, p. p 141)، ململانێی کارتاژەکان و ڕۆمانییەکان لە سیسیلیا بەردەوام بوو (هامرتن، 1970، ص490)، ئەمەش دوای دەست بەسەر داگرتنی کارتاژەکان بە سەر سیسیلیادا، کە ژمارەیەکی زۆر لە کۆیلەکانیان لەگەڵ خۆیاندا گواستەوە بۆ دوورگەکە، بەمەبەستی بەکارهێنانیان لە بواری کشتوکاڵ و شوانکارەییدا(ابوبکر، 2010، ص40)، کێڵگەکانیش زیاتر کەوتبوونە دەرەوەی شارەکان و زیاتر دەکەوتنە گوندەکانی دەوروبەر.

### ا . کۆیلەی گوندەکان

زۆربەی کێڵگە کشتوکاڵییە فراوانەکان کەوتبوونە گوندەکان، ئەمەش وای کرد خاوەن کێڵگە فراوانەکان ژمارەیەکی زۆری کۆیلەکان بەکار بهێنن لە کێڵگەکانی بەرهەمهێنانی گەنمدا بە هۆی فراوانی کێڵگەکان پێویستی بە ژمارەیەکی زۆر لە دەستی کار هەبوو (نصحی، 1973، ص63).

لە بەرهەمهێنانی ترێ و زەیتون و سەوزە ئەم جۆرە بەروبومانەش پێویستی بە تایبەتمەندی و دەستی کاری شارەزا هەبوو. خاوەن زەوییە ئەرستۆکراتییەکان کۆیلەکانیان وەکو دەستی کار لە کێڵگەکاندا بەکار دەهێنا، بەو پێیەی کە کرێکاری ئازاد پابەند بوون بە خزمەتی سەربازی و کرێشیان زیاتر بوو، بەڵام هەرچی کۆیلەکان بوون پابەند نەبوون بە خزمەتی سەربازی و هەروەها کەمترین تێچووی دەستی کاریان هەبوو، شوێنی خەوتن و مانەوەیان لە کێڵگەکاندا زۆر پێویست نەبوو، لەڕووی خۆراکیشەوە کەمترین خۆراکیان بۆ دابین دەکرا (صفدی،1967،ص203).

### ب . کۆیلەی شارنشین

دانیشتووانی دەوڵەتی ڕۆمانی لە چەندین بواردا کۆیلەیان بە کارهێناوە، پێچەوانەی کۆیلەی گوندنشینەکان کۆیلە شارنشینەکان لە زۆربەی بوارەکاندا زۆرترین سوودیان بە کۆمەڵگەی ڕۆمانی گەیاندووە. هەردوو ویلایەتی ئیسپانیا و گال ژمارەیەکی زۆر لە کۆیلەیان بۆ شاری ڕۆما لێوە هاتووە (هامرتن، 1970، ص489)، کە لە کاروباری ناو ماڵ وەکو پاککردنەوە و چێشت لێنان و ڕازاندنەوەی مێزی خاوەنەکانیان بە کار دەهێنران. بەشێک لە خاوەن سەرمایەکان کۆیلەیان لە بەکرێدان و هەروەها گۆزەکاری و کانزاکاری بەکارهێناوە بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانی بازاڕی ناوخۆیی لە ڕۆما (نصحی، 1973، ص747)، هەروەها کۆیلەکانیان وەک هەڵگری چرا بۆ ڕووناک کردنەوەی ڕێگا لە شەواندا لە کاتی دەرچوونی خاوەنەکانیان بە کارهێناوە (مؤمن,2012, ص66). بەشێک لەو کۆیلانە خەریکی ئەنجامدانی پرۆژەی بچووک بوون، بەتایبەتی بۆ خۆیان و خێزانەکانیان بە مەبەستی بەدەستهێنانی بژێویان، هەروەها لە کۆتاییەکانی کۆماریشدا کۆیلەکان وەک مامۆستا و ژمێریار و پزیشک خەریکی پیشکەشکردنی خزمەتگوزاری بوون، بەشێک لەم کۆیلانەش وەکو گلادیاتۆر لە مەیدانەکانی شەڕکردن و ڕووبەڕووبوونەوە بەشدارییان کردووە. گلادیاتۆرەکان بە ڕەگەز تراکی و یۆنانی و جووەکان بوون، کە خواستێکی زۆریان لەسەر بوو، بەو پێیەی کە زۆر لێهاتوو بوون لە بەکارهێنانی شمشێری بچووک لە ڕووبەڕووبوونەوەکانیاندا. خاوەن کۆیلەکان ئەگەر هاتوو مەبەستیان سزادانی کۆیلەیەک بایە زۆرجار وەک سزایەک کۆیلەکانیان دەناردە کێڵگەی گوندەکان بەو پێیەی کارکردن لە کێڵگەکاندا قورس بووە، هەموو کەسێک نەیتوانیووە ئەنجامیان بدات، ئەمەش بە مەبەستی ملکەچ کردنیان بۆ خواستی خاوەنەکانیان (مؤمن، 2012، ص67-68)

### ج . گلادیاتۆر (Gladiator):

لە ڕۆمانی کۆندا پیاوانێک ڕاهێنانیان لە سەر هونەرەکانی جەنگ و شێوازەکانی بەکارهێنانی شمشێر و ڕووبەڕووبوونەوە دەکرد، کە بە گلادیاتۆر ناسراون. گلادیاتۆرەکان ئەو کۆیلانە بوون کە خاوەن سەرمایەکان بۆ کاتبەسەربردن و چێژبینین کۆیلەکانیان بەگژیەکتریدا دەبردن و چێژیان لە سەیرکردنیان دەبینی، ئەم ڕووبەڕووبوونەوانەش لەسەر گۆرەپانێک ئەنجام دەدرا، کە دەوردرابوو بە پلێکانەی یەک لەیەک بەرزتر پێی دەگوترا ئەرینا . (Arena)ڕووبەڕووبوونەوەکان لە نێوان دوو گلادیاتۆر یاخود لەگەڵ ئاژەڵ و گیانداری دڕندە ئەنجام دەدرا.

گلادیاتۆر ویستی کەمی خۆی بە سەر خۆراک و بەشێکی زۆری لایەنەکانی تری ژیانی خۆی هەبوو. زۆربەی گلادیاتۆرەکان کۆیلە بوون، کە لە ئەنجامی بەدیلگرتنیان لە شەڕەکاندا یان مەحکوم کردنیان لەلایەن دادگاوە ئازادییان لە دەست دەدا. بەشێکیان لە کەسانی خۆبەخشی ئازاد بوون، کە بە هۆی هەژارییەکی زۆرە دەبوون بە گلادیاتۆر. سەرچاوەی گلادیاتۆرەکان هەرچییەک بوو بێت، لە شوێنێکی هاوشێوەی زیندان جێگیردەکران، کە بە قوتابخانە ناسرابوو. ساڵانە چەند جارێک ڕووبەڕووی مەترسییەکانی نێو گۆرەپانەکە دەبوونەوە ڕۆژەکانیشیان بەمەشق و ڕاهێنان لەسەر شێوازەکانی شەڕکردن و بەکارهێنانی چەکەکان بەسەر دەبرد. گلادیاتۆری تازە لەلایەن سەرۆکی قوتابخانەکانەوە هەڵسەنگاندنی بۆ دەکرا و تواناکانی دەستنیشان دەکرا. سەرەتا بە شمشێری لە دار دروست کراو دەستی بە ڕاهێنان دەکرد لەژێر سەرپەرشتی ڕاهێنەرێکی خاوەن ئەزموون تواناکانی پەرەی پێدەدرا، بەدرێژایی ئەم مەشقانە جەستەیان بۆ دۆخی شەڕکردن ئامادە دەکرا (Ryan, 2021, p154). بە گوتەی ڤارۆ تراکییەکان لە دیارترین گلادیاتۆرەکان بوون(Treggiari1969,p9) نەریتی بەکارهێنانی گلادیاتۆرەکان دەگەڕێتەوە بۆ ئەو مەشقانەی کە بە سەرباز وکۆیلەکان دەکرا بۆ وەرگرتنیان لە سوپا.

لە ساڵی (١٠٥ پ.ز) بۆ یەکەم جار هەردوو کونسوڵ بە فەرمی نمایشێکی گلادیاتۆریان ڕێکخست، یەکێک لەوانە پبلیۆس ڕۆتلیۆس ڕۆفۆس بوو، دەستی بە پراکتیزەکردنی دامەزراندنی ڕاهێنەری گلادیاتۆری کرد بۆ وەرگیرانی نوێ لە سوپا، کە زۆری نەخایەند لە دواییدا نمایشی گلادیاتۆرەکان بووە نەریتێک لەلایەن بەرپرسانی پلە نزم، هەروەها لە ساڵی (٦٥پ.ز) قەیسەر بۆ یادی مردنی باوکی نمایشێکی گلادیاتۆری ڕێکخست. لە فراوانخوازییەکانی ڕۆما لە سەدەی دووەم

و یەکەمی پێشی زایین دیلەکانی جەنگ کە سەرباز بوون بوونە سەرچاوەی دابینکردنی کۆیلە لە ئەنجامی دەست بەسەرداگرتن و بەدیل گرتنیان. ئەم جەنگاوەر و سەربازانەی کە لەم ڕووبەڕووبوونەوەیەدا بە دەست هاتبوون دەتوانرا بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ لە گۆرەپانەکان وەک گلادیاتۆر بەکار بهێنرێن، بەبێ ئامادەکاری و ڕاهێنان، چونکە سەربازی ڕاهێنراو بوون، وایان لێ دەکردن کە بە چەکی ڕەسەنی خۆیان لەسەر شێوازی نەتەوەیی خۆیان نمایش بکەن، لەپێناو دڵخۆشکردنی بینەران. لە ساڵانی (٩١–٨٨ پ.ز) لە کاتی شەڕە ناوخۆییەکاندا جەنگاوەرانی سامنییەکان لە ناوەڕاستی ڕۆژهەڵاتی ئیتاڵیا بوون، بە جلوبەرگە قورسەکانیان و زرێپۆشی جەنگاوەرییان لەگەڵ جەنگاوەرە گالییەکان لە گۆڕەپانەکانی گلادیاتۆردا دەرکەوتن، هەروەها لە حەفتاکانی پێشی زایین تراکییەکان کە لە ڕەگەزی هیندۆئەوروپییەکان بوون لە ناوچەکانی تراکیا و دەوروبەری کە دەکەوێتە نێوان یۆنان و بولگاریا و تورکیای ئێستا لە نیشتەجێبوون هاتنە نێو پیشەی گلادیاتۆری (Fields, 2009, P 26).

شەڕ و ڕووبەڕووبوونەوەی گلادیاتۆرەکان بۆ کات بەسەربردنی بە کۆمەڵ بوو، قوتابخانەکان بۆ ڕاهێنانی گلادیاتۆرەکان دامەزران. ڕێکخەرانی یارییەکان دەیانتوانی گلادیاتۆرە تایبەتەکان لەم قوتابخانانەدا داوا بکەن بۆنمایشە تایبەتەکان، گلادیاتۆرەکانیش بە تایبەتی خۆبەخشەکان هەندێکیان بۆ سەرگەرمی یان بەدوای ئەو دەستکەوتەدا دەگەڕان، کە لە ئەنجامی سەرکەوتنیان لە شەڕەکاندا دەیتوانی بە دەستی بهێنێت. سەرەڕای ئەوەی ڕووبەڕووی مەترسیی مردنی نێو گۆڕەپانەکە دەبوونەوە، بینەرانیش چێژیان لە نمایشی شەڕەکانیان وەردەگرت و گرەویان لەسەر بردنەوەی گلادیاتۆرە دڵخوازەکەیان دەکرد (Fields , 2009, P 27) .

لە ڕووی پێگەی کۆمەڵایەتی و ڕێزگرتنەوە گلادیاتۆرەکان بە هۆی بەشداری کردنیان لە شەڕی گلادیاتۆرەکان تووشی شەرمەزاری دەبوونەوە و بێ بەشبوون لە کەرامەتی کەسی لەناو کۆمەڵگادا، بێڕێز دەبوون وەکو لەشفرۆشەکان سەیر دەکران، بەو مانایەی لە پێناو پارەدا جەستەی خۆیان فرۆشتووە، هەروەها گلادیاتۆرەکان لەنێو کۆمەڵگادا جێگای متمانە نەبوون .(Glay, Voisin, & Bohec, 2009, p. 86)

گلادیاتۆرە کۆیلەکان لە لایەن خاوەنەکانیانەوە بە دوو پاڵنەر بەکار دەهێنران بۆ تۆڵەکردنەوە و قازانج، ڕەنگە خاوەنەکەی بیەوێت ڕزگاری بێ لە کۆیلەیەکی ڕەفتار خراپ و بیفرۆشێت بە بریکاری گلادیاتۆر، هەروەها لەوانەیە بە مەبەستی سوود وەرگرتن لە باردۆخ و توانای جەستەیی کۆیلەکەی بیفرۆشێت، بۆئەوەی لە گۆرەپانەکاندا شەڕیان پێ بکرێت. لە بەرانبەردا خۆبەخشەکان بە ئازادی خۆیان گرێبەستیان دەکرد، بۆئەوەی ببن بە گلادیاتۆر ڕێژەی کۆیلە و خۆبەخشەکان لە ڕووداوەکانی گلادیاتۆردا بە شێوەیەکی نادیار ماوەتەوە، هەرچەندە گلادیاتۆرە کۆیلەکان و ئازادەکانیش لە زۆربەی بەردی سەرگۆڕەکان هەیە، بەڵام ئەم بەردە گۆڕانە بەشێکی کەم لە هەموو گلادیاتۆرەکان نوێنەرایەتی دەکەن، کە شەڕیان کردبێت . بۆچوونێک هەیە کە گلادیاتۆرە ئازادەکان باشتر بوون بە بەراورد لەگەڵ گلادیاتۆرە کۆیلەکان، چونکە خۆبەخشانە چوونەتە ناو پیشەی گلادیاتۆری (Wisdon, 2003, p. 17)

گلادیاتۆرەکان پێش هەر ڕووبەڕووبوونەوەیەک دانیان بە مردنی خۆیان دەنا لە ڕێگەی سڵاوکردن لە خاوەنی مەڕاسیمەکە یاخود دەسەڵاتدارەکان، سڵاوەکە بەم شێوەیە بوو( سڵاو ئەوانەی خەریکە دەمرن سڵاوت لێ دەکەن) (Wisdon, 2003, p. 15)لە ڕووی جەستەییەوە گلادیاتۆرەکان لەوپەڕی لەشجوانی و شارەزایی لە بەکارهێنانی چەک دابوون و لە خانەی بچووکدا دەژیان و کە پەنجەریان نەبوو، لە بەرانبەر هەر هەڵسوکەوتێکی نادروستدا یان کارێکی نەرێنی ڕووبەڕووی لێدان دەبوونەوە، خۆراکیان بریتی بوو لە شۆربایەک لە جۆ ئامادە دەکرا، کە ژیانیان تەنها بریتی بوو لە ڕاهێنان و خواردن و شەڕکردن. هێندە بە توندی ڕاهێنرابوون تەنها کوشتن و شەڕکردن پیشەیان بوو. لە بەرانبەر سەرکەوتنەکانیان دەیانتوانی ئازادی بە دەست بهێنن یاخود پاداشتێکی زۆریان وەک دیاری گرانبەها و پارە پێ دەدرا (C.Knapp, 2011, pp. 227-228)

**د .کۆیلەی قەرز:**

بە پێی یاسای (دوازدە خشتەک)کە بنەمای دەستوری ڕۆمانی کۆن بوو لە ساڵی (٤٥٠پ.ز) ، ئەگەر ناکۆکییەک لەسەر قەرز لەلایەن قەرزدەر و قەرزدار هەبێت، ئەگەر قەرزەکە لە دادگا دانی پێداندرا و سەلمێنرا ئەوا ماوەی سێ ڕۆژ بە قەرزدارەکە دەدرێت، لە کۆتایی ئەم ماوەیەدا لەلایەن قەرزدەرەکەوە دەستی بە سەردا دەگیرێت و دەبردرێتە بەردەم کونسوڵ، ئەگەر هیچ ئامادەیی خۆی دەرنەبڕی بۆ دابینکردنی بڕی قەرزەکە ئەوا قەرزدارەکە بەکۆتکراوی لەلایەن قەرزدەرەوە دەبردرێتەوە ماڵەوە، بەڵام دەبێت ڕۆژانە یەک کیلۆ گەنمە شامی پێ بدات، دواتر بۆ ماوەی ٦٠ ڕۆژ لە دوای دادگایی کردنەکە قەرزدارەکە دەهێنرێتەوە بەردەمی دادوەر بۆ سێ ڕۆژ دادگایی کردن، دواجار چارەنووسی قەرزدارەکە یەکلایی دەبوویەوە بە کوژران یان بەکۆیلەکردن کۆتایی دەهات. ئیتر بە پێی یاسا کەسی قەرزدەر دەتوانێت بیکوژێت یان وەکو کۆیلەیەک لەو دیوی ڕووباری تیبەر بیفرۆشێت (Burks, 2008, p. 47)

**هـ.کۆیلەی گشتی:**

بەگوێرەی سیستەمی دەوڵەتی ڕۆمانی دەوڵەت خۆی خاوەنی کۆیلە بوو، کە بە کۆیلەی گشتی (Servi publici) ناسراون، هەندێکیان لە خزمەتی پەرستگاکان بوون هەندێکی تریش لەبەر دەستی دادوەرەکان بوون وەکو چاودێر. بێگومان هەندێکجار ئەرکی پۆلیسیشیان بینیووە، ئەم کۆیلانە بە شێوەی گرێبەست دامەزراون (Burks, 2008, p. 48)

کۆیلەی گشتی هەموو ئەم کۆیلانە دەگرێتەوە، کە موڵکی دەوڵەت یان ئۆرگانە گشتییەکان بوون، کە پۆستی گشتییان هەبوو و پەیوەندییان بە دەسەڵاتەوە هەبوو. کۆیلەی گشتی ئەو کۆیلانە بوون کە لە شەڕەکاندا دەستگیر کرابوون یاخود کڕدرابوون، یان بە ڕێگەی مەدەنی دیکە بە دەست هاتبوون. ئەرکیان بەڕێوبردنی کارە نیشتمانییەکان بوو لە فەرمانگە گشتییەکان . (Greenidge, 1901, p. 90)

پاراستنی موڵک و ماڵی دەوڵەت پاراستنی دادوەر و پیاوانی ئایینی و ئەنجامدانی ئەرکی بچووک و جیاواز لەو بەشانەی کە پێیان سپێردرابوو. هەندێکیان بەرپرسیارەتی زیندانەکانیان پێ سپێردرا بوو، جەلادەکان بەگشتی کۆیلە بوون، هەروەها پاسەوانی ڕووناکی و ئاگر بوون لە شەودا ئەرکیان بەڕێوبردن و کارکردن بوو لە لولە ئاوەکانی کە ئاوی بۆ ڕۆما دابین دەکرد پێیان دەگوترا ئەکواری (Greenidge, 1901, p. 132).

**و .کۆیلەی لەشفرۆش :**

لە ڕۆمانی کۆندا کۆیلەکان بە پێی خواستی خاوەنەکەی بەکاردەهێنران، بەتایبەتی ئافرەتانی کۆیلە جگە لە کارەکانی ناوماڵ و خزمەتکردن بە خاوەنەکانیان لە چەندین شوێن و کاری تر بەکارهاتوون، هەندێکجار وەک لەشفرۆش بە مەبەستی پەیداکردنی پارە بەکار هاتوون.

تەنها لە ناوچەی پۆمپیۆ بیست و دوو خانەی لەشفرۆشی هەبوون. ئەم خانانە پێکهاتبوون لە ژووری زۆر بچووک و تاریک و شوێنی هەواگۆڕکەیان کەم بوو. سەردانیکەرانی ئەم خانانە ئازادکراوەکان و مرۆڤە خاوەن بەهرەکان و کۆیلەکان بوون یان هەر کەسێک بتوانیایە ئەو نرخە بدات، کە لەسەر دەرگاکاندا هەڵواسرابوو دەیتوانی سەردانیان بکات (Evans, 1991, p. 171)

زۆرجار کۆیلەکان و کریکارانی پیشەسازی ئەوانەی کە کۆیلە بوون و ئازاد کرابوون و منداڵانی لەدایکبووی ئازاد لەشفرۆشیان لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە لا پەسەند بوو. گەنجانی چینەکانی سەرەوە وەک ئامرازێک بۆ چێژبینین سەیری ئەم خانانەیان کردووە. مارکۆس تولیۆس سیسرو(١٠٦_٤٣ پ.ز ) نووسەر و وتاربێژی ڕۆمانی کۆن بە شتێکی ئاسایی دەزانێت، کە گەنجێک لەگەڵ لەشفرۆشێکدا بخەوێت. زۆرجار ئەو شوێن و خانانە نەک هەر لەناو خودی شارەکاندا، بەڵکو کەوتوونەتە دەرەوەی شارەکان. واتا لە شارۆچکە و گوندەکانیشدا هەبوون یاخود لە پەرستگای ئافرۆدێت لایەنی کەم هەزار لەشفرۆشی تێدا بوو، زۆربەی ئەو لەشفرۆشانەش لە ڕیزی کۆیلە و ژنە ئازاد کراوەکان بوون (Evans, 1991, p. 173)

بەشێک لەو خانە لەشفرۆشییانە دەکەوتنە چوارچێوەی مەیخانەکان و گەرماوەکان، کە لەلایەن کەسێکەوە سەرپەرشتی ئەم خانانە دەکرا. لەشفرۆشەکان لەم شوێنانەدا ژیانێکی داخراوە و قەتیسیان هەبوو، کە لە ڕووی پەیوەندیی کۆمەڵایەتییەکانەوە لە جیهانی دەرەوە دابڕابوون. زۆرجار کەسی سەرپەرشتیکار مامەڵەیەکی دڕندانەی لە بەرانبەر لەشفرۆشەکان دەنواند و ئەو پارەیەی لە لای خۆی دەهێشتەوە و تەنها پێداویستییە سەرەتاییەکانی بۆ دابین دەکردن (Burks, 2008, p. 63).

هەندێکجار سەماکەرێک دەیتوانی (٢٠٠٠٠سێستەرتیۆس) کە جۆرە دراوێکبوو زیاتر لە مامەڵە ناوخۆییەکان بەکاردەهات بە دەست بێنێت، یان ئەو کەسانەی کە لەشفرۆشی ڕاستەقینەش نەبوون، بەڵکو ئامادە بوون بۆ چالاکی سێکسی. سیسرۆ جەخت لەوە دەکاتەوە، کە دەستدرێژی کردنە سەر کۆیلەیەک تاوان نییە، کە کارێک بووە چەندین جار دووبارە بۆتەوە.(Dillon & Garland, 2021, p. 265) . لە کۆمەڵگەی ڕۆمانیدا دۆخێکی ئاڵۆز هەبوو، نەریتەکان هێندە ڕیسوا بوون هەندێ لە کۆیلەکان توانیان بەو پارەیەی لە ئامرازەکانی وەکو دزی و تاڵانکردن و لەشفرۆشییەوە بە دەستیان هێنابوو، ئازادی خۆیان پێ بکڕنەوە (Dillon & Garland, 2021, p. 284)، زۆرجار ئەو کۆیلانەی وەکو لەشفرۆش بەکار دەهێنران ئەو منداڵانە بوون، کە بەجێ هێڵرابوون، لەلایەن بازرگانانی کۆیلە هەڵدەگیرانەوە و وەکو کۆیلە لە کاری لەشفرۆشیدا بەکاری دەهێنران. .(Ryan, 2021, p. 19)

## پێگەی کۆمەڵایەتی کۆیلە:

### أ . پێگەی کۆمەڵایەتی

پێگەی کۆیلە لە نێو چینە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگای ڕۆمانی لە چینی هەرە خوارەوە بوو. ڕاستە لە لایەنی سروشتی خۆی مرۆڤ بوو، بەڵام وەکو کاڵایەک مامەڵەی لەگەڵ دەکرا. پێگەی یاسایی کۆیلە نیشاندەرێکی ڕاستەقینە نییە بۆ بارودۆخی کۆیلەکان، ئەمەش پەیوەستە بە دوو فاکتەر (یەکەم بنەچەی کۆیلە و دووەم پەیوەندی لەگەڵ خاوەنەکەیدا). پێگەی کۆیلە لەسەر ئەم دوو بنەمایە ئەگەر بەراورد بکرێت لە نێوان کۆیلایەتی سەردەمی پێشوو لەگەڵ کۆیلایەتی لە سەردەمی کۆتایی کۆمار جیاواز بووە. بەو پێیەی کە کۆیلەکان زۆرجار لە ئەنجامی بەدیلگرتنی لە کاتی شەڕکردن لە وڵاتانی دەوروبەردا بەدەست هاتوون. کۆیلایەتی لە کاتێکدا کە دەرئەنجامی یاساکانی شەڕ بێت، بە تەواوی بە ڕیسواکردنی کۆیلەکە کۆتایی دێت. کۆیلەیەکی ئیتاڵی ڕەنگە بە ئازادی لەدایکبووبێت و بە قەد خاوەنەکەی کەی خانەدان بووبێت، بەڵام ڕەنگە بە هۆی بارودۆخێک ئازادی لە دەست دابێت، ئەمەش ڕەنگە تاڵییەکانی ژیانی بارودۆخەکەی بۆی خراپتر کردبێت. (Greenidge, 1901, p. 42) . ئەو دۆخە کۆمەڵایەتییەی کە کۆیلەکی بە ڕەگەز لاتینی تێیدا بووە، جیاواز بوو لەگەڵ کۆیلەیەکی بەربەرییدا. ڕەنگە بڕوایەک بۆ خاوەنی کۆیلەکە دروست بێت، ئەگەر هەیە لەناکاو وەرچەرخانێک لە ژیانیدایە ڕووبدات، چەرخی بەختەوەری بگۆڕێت و تووشی هەمان بارودۆخ بێت و ببێتە یەکێک لە کۆیلەکان. ئەو کۆیلانەی کە خۆماڵی بوون زیاتر لە کارەکانی ناو ماڵ یاخود لەسەر زەوییە هاوبەشەکانی خێڵەکان کاریان دەکرد، یاخود لەسەر پارچەیەک زەویی بچووکی خاوەنەکەی کە بە هی خۆی دەزانی کاری دەکرد، چونکە کۆیلە هەرگیز خۆی لە خاوەنکەی و لە خێڵەکەی جیا نەدەکردەوە . (Greenidge, 1901, p. 43)

هەندێکجار پێگەی کۆیلە بەهۆی توانا تاکە کەسەکانی گۆڕانکاری بەسەردا دەهات، بە تایبەتیش ئەو کۆیلانەی کە خاوەنی شارەزایی و لێهاتوویی وەکو پزیشک و مامۆستا، کە بەشێکی زۆریان لە ئەنجامی فراوانخوازییەکانی ڕۆما لە بەرەی یۆنان و ڕۆژهەڵاتی نزیک بەدەست هاتبوون. هەندێکیان وەکو سکرتێری تایبەت هاوشێوەی کەسێکی ئازاد مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرا، خاوەنەکانیان وەکو پاداشتێک بۆ دڵسۆزی لە کارەکانیان ئازادییان پێ دەبەخشین، یاخود وەکو نوێنەری خاوەنەکانیان خەریکی بازرگانی و بەڕێوبردنی موڵک و ماڵی خاوەنەکانیان بوون . (Nicholas, 2008, p. 70) بەگشتی ڕۆمەکان هەڵوێستێکی توندیان لە بەرانبەر کۆیلەکان نواندووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەو کۆیلانەی کە لە ماڵەکان بە تایبەتیش ئەو کۆیلانەی کە ئەرکیان چاودێری کردن و پەروەردە کردنی منداڵەکان بوو، پەیوەندییەکی هاوسۆزیان لەگەڵ

خاوەنەکانیان پەیدا دەکرد، ئەو کۆیلانەش بە هۆی پابەند بوون و گوێرایەڵی کردنیان بوو بۆ خاوەنەکانیان . (Dixon, 1992, p. 154)

ئەوەی تیبینی دەکرێت پێگە و گرنگی کۆیلەی ناو ماڵەکان جیاوازی هەبوو لەگەڵ پێگەی کۆیلەیەک، کە لە دەرەوەی شارە گەورەکان یان لە کێڵگە و لادێکان کە خەریکی کاری کشتوکاڵی و شوانکاری بوون (Bradley & Cartledge, 2011, p. 322) . ئەوەی جێگای باسە کۆیلەکان هەرچەندە خاوەن پێگە و ئیرادەی سەربەخۆی خۆیان نەبوون، بەڵام هەبوونی کۆیلە بۆ خاوەنەکەی هێما بوو بۆ پێگە و تایبەتمەندی دەدا بە خاوەنەکەی . (Erdkamp, Verboven, & Zuiderhoek, 2015, p. 183)

## ب .خێزان

بەشێوەیەکی گشتی کۆیلەکان مافی پێکهێنان و بونیاتنانی خێزانیان نەبوو لە ڕووی یاساییەوە، بەو واتایەی بە شێوەیەکی فەرمی نەیان توانیووە هاوسەرگیری بکەن، بەڵام کۆیلەکان هەڵساون بە ئەنجامدانی پەیوەندی نیمچە هاوسەری(contubernium)، کە شێوازێکە لە پەیوەندی هاوماڵی نێوان دوو کۆیلە کە هیچ بنەمایەکی یاسایی نەبوو. کۆیلەکان هەوڵیان دەدا پەیوەندییە خێزانییەکانیان بپارێزن و وێڕای ئەو فشارانەشی کە لەسەریان بوو، کە لەلایەن خاوەنەکانیانەوە کە مافی دەست بەسەرداگرتن و بەکارهێنانی بە مەبەستی سێکسی، کە ئەمەش ئەگەرێکی ڕاستەقینە بوو بۆ جیابوونەوەیان . (Dixon, 1992, p. 53)

نوسەری ڕۆمانی مارکۆس تێرینتیۆس ڤارۆ ( ١١٦– ٢٧ پ.ز )هانی خاوەن ماڵەکان دەدات، کە ڕێگە بدەن کۆیلەکان هاوسەرگیری پێک بهێنن لەگەڵ هاوکۆیلەکانیان، بۆئەوەی منداڵ بخەنەوە، ئەمەش وا لە کۆیلەکان دەکات کە زیاتر وابەستە ببن و جێگیربن لەسەر موڵک و ماڵەکانی خۆیان، لە بنەڕتدا ئەم پەیوەندیەی کۆیلایەتییە وەک بارمتەیەکی سەروەت و سامانی دایک و باوکی کۆیلە بوو، کە هانی دەدان ڕفتاری باش بکەن لەپێناوی پاراستن و هێشتنەوەی یەکەی خێزانەکەیان و دابەش نەبوونیان و جیانەبوونەوەی ئەندامانی خێزانەکە، تاوەکو دوچاری ئازاری فرۆشتنیان نەبنەوە. (Dillon & Garland, 2021, p. 269)

پەیوەندییە خێزانییەکانی نێو کۆیلەکان هەرچەندە کۆیلەکان کە بە فەرمی هاوسەرگیرییان نەکردووە، بەڵام زۆرجار ئەو هاوسەرگیرییە کە لە نێوانیان بە شێوەی هاوماڵ یاخود هاونشین ناسراو بوو، زۆرجار وەکو هاوسەرگیرییەکی دان پێدانراو سەیر کراوە، کە هەندێکیان توانیویانە بەشێوەیەکی ژیرانە پێوەندییە خێزانییەکانیان بەردەوامی پێ بدەن. ئەو زانیارییانە لەسەر بەردی زۆربەی گۆڕە خێزانیەکان تۆمار کراوە، کە تایبەتمەندی پێوەندییە خێزانییەکانی سووری ژیانی خێزانەکان ڕوون دەکاتەوە (Rawson, 2003, p. 264) . هەندێک لەو خێزانانە تاوەکو کۆتاییەکانی ژیانی دایک و باوک منداڵەکان هەر بە کۆیلەیی مانەوە، نموونەی یەکێک لەو خێزانانەی کە لە ئەنجامی پێکهێنانی هاوسەرگیری لە نێوان دوو کۆیلە بە ناوەکانی کاسیۆس کۆتینۆ و کاسیا موشیس، کە هەردووکیان کۆیلە بوون لە لایەن کەسێک بەناوی سی کاسیۆس لۆنگینیۆس خاوەنداریێتی دەکران . (Rawson 2003, p. 265)

ئەوەی تێبینی دەکرێت کۆیلە مێینەکان بە بەراورد لەگەڵ کۆیلەیەکی پیاو زووتر هاوسەرگیرییان ئەنجام داوە. بە واتای ئەوەی لە تەمەنێکی بچووکتر بە بەراورد لەگەل کۆیلە نێرینەکان. کۆیلە مێینەکان بەگشتی تەمەنیان لە هاوسەرەکانیان بچووکتر بووە، لایەنی کەم تێکڕای تەمەنیان پێنج ساڵ لە هاوسەرەکانیان بچووکتر بوون . (Rawson,1991, p. 179). ئەگەر هاتوو دوو هاوسەر لە پێکهێنانی پەیوەندییەکەیاندا جیاوازی لە پلەی کۆمەڵایەتییان دا هەبوو. واتا یەکێکیان ئازاد بوو و ئەوەی تر کۆیلە بوو، یاخود هەردووکیان کۆیلەبوون لە کاتی ئازادبوونی یەکێکیاندا ئەوا یەکێتیەکەیان بە نیمچە هاوسەری (contubernium)دەمێنێتەوە. لە ئەگەری ئازاد بوونی ژنە کۆیلەکە پیاوەکەی بە کۆیلەیی بمابایەوە منداڵەکانیان بە ناشەرعی هەژمار دەکران. لە ئەگەری ئازادبوونی کۆیلە پیاوەکە ئەوا منداڵەکانی بە کۆیلەیی لەدایک دەبوون، واتا منداڵەکان هەمان دۆخی دایکەکەیان بەسەردا جێ بەجێ دەبوو . (Treggiari , 1991, p. 53)

ڕێگە پێدان بە هەندێک پەیوەندی لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە، کە نیشانەی بارودۆخی کۆیلە کە بوو. دەتوانرێت ئەم جۆرە یەکێتییانە لە نێوان دوو هاوبەشی کۆیلە(هاوماڵ)یان لە نێوان کۆیلە و کۆیلەیەکی ئازادکراودا دابمەزرێت. هەرچەندە ئەم یەکێتیانە هەرگیز لە ڕووی یاساییەوە دانپێدانانیان پێ نەدرابێت، بەڵام پێ دەچێت لە هەندێک ڕووەوە لە هاوسەرگیری فەرمی چووبێت. کۆیلەکان بەهەمان داب و نەریت سەبارەت بە پەیوەندی خزمایەتی و هاوبەشەکانی ئەم جۆرە یەکێتییانە بەتەواوی هەمان زاراوەیان بەکاردەهێنا، بۆ ئاماژەکردن بە خزم و کەسەکانیان یان ژن و منداڵەکانیان، کە زۆرجار لە ئەنجامی ئەم جۆرە یەکێتیانەدا بەرهەم هاتبوون، بەڵام ئەم منداڵانە هەمیشە وەک موڵکی یاسایی خاوەنی دایکی کۆیلە دەمانەوە و بەشێک بوون لە بنەماڵەیەکی کۆیلە و پەیوەندی لەگەڵ خاوەنی دایکیدا گرنگتر بوو لە پەیوەندی خزمایەتی لەگەڵ دایک و باوکیدا هەتاکو ئەو ماڵەی کۆیلەی زیاتر بێت، ڕەنگە ژمارەی ئەو جۆرە یەکێتیانە زیاتر بووبێت، ئەگەری پەرەپێدانی پەیوەندیی خزمایەتی ئاڵۆزتر بۆ هەر خێزانێکی کۆیلە زیاتر دەبێت. لەم جۆرە بارودۆخانەدا ڕەنگە کۆیلەکانی کە لەماڵەوە لەدایکبوون ژمارەیەک خاڵ و مامیان هەبووبێت، بە تایبەت لە لایەنی دایکییانەوە (Bradley & Cartledge, 2011, p. 347)

ژنانی ئازادی خاوەن کۆیلە هاوسەرگیریان لەگەڵ کۆیلەکانی پێشووی خۆیاندا کردووە، هەرچەندە ئەم شێوازە هاوسەرگیرییەی نێوان خاتوونەکان و کۆیلەی پێشویان هاوسەرگیریەکی دەگمەن بوو، بەپێچەوانەی هاوسەرگیری نێوان خاوەن کۆیلە پیاوەکان و کۆیلە ئافرەتەکان، ئەم شێوازە هاوسەرگیرییەی کە ئاماژەمان پێدا، زۆر بە توندی ئیدانە دەکرا، بەتایبەتی کاتێک جیاوازییەکی بەرچاو لە پێگەی هاوسەرەکاندا هەبێت. بۆ نموونە ژنێکی دەوڵەمەند و پلە بەرز بیر لە هاوسەرگیری لەگەڵ یەکێک لە کۆیلەکانی پێشووی بکاتەوە . (Hemelrigk, 2021, p. 89)

ئەوەی جێگەی باسە کۆیلەکان پشتگیرییەکی یاساییان نەبووە بۆ پێکهێنانی خێزان و ئەنجامدانی هاوسەرگیری، بەڵکو ئەو هاوسەرگیرییەی کۆیلەکان یەکێتییەکی نافەرمی بووە، کە خاوەن کۆیلەکان بە مەبەستی بە دەستهێنانی بەرژەوەندییەکانی خۆیان لە بەڕێوەبردنی کارەکانیان و بەرهەمهێنانی زیاتری کۆیلەکانی ماڵەوە ڤێرنا ڕێگەیان پێدابوو.

### ج .پێگەی ئافرەت

ئافرەت لە کۆمەڵگای دێرینی ڕۆمانی پێگەیەکی تاڕادەیەک ناهەمواری هەبووە. هەرچی کۆیلەی ئافرەت بوو، ئەوە زیاتر توشی جیاکاری و چەوساندنەوە دەبوونەوە بە بەراورد بە پیاوانی کۆیلە، بە تایبەتیش لەلایەنی سێکسی. هەندێکجار وەکو ڕێگایەک بۆ دابینکردنی بژێوی ژیان لە دەرەوە خەریکی کارکردن بوون، ئەمانەش زیاتر ئافرەتانی کۆیلە بوون. ئافرەتە کۆیلەکان لە ماڵە دەوڵەمەندەکان کاریان دەکرد، وەکو چێشتلێنەر و پاکەرەوە بۆ هەر کارێک کە بۆ ئەنجامدانی پێیان ڕاسپێردرابێت. هەندێکجار ملکەچ بوون بوو بۆ داواکارییەکانی خاوەنکانیان . (Glay, Voisin, & Bohec, 2009, p. 179)

ڕەنگە پێداویستییە ئابوورییەکان وای کردبێت، کە ئافرەتانی کۆیلە ئەرک و کاری پیاوان ئەنجام بدەن، کاتێک کە پیاوەکە نەخۆش بووە یان مردووە، ئەمەش وای کردووە کە ئافرەتانی کۆیلە بۆ کارکردن ئەرکەکانی لە ئەستۆ بگرن و کاری پیاوانیش بکەن. ئافرەتانی کۆیلە ڕووبەڕووی دوو ئاستی ستەم بوونەتەوە، یەکێکیان وەکو کۆیلە دووەم وەکو ئافرەت، زۆرجار لە لایەن خاوەن یان بەرپرسەکەی بە کار دەهێنرا بۆ مەبەستی سێکسی (Phang, 2022, p. 10)

ئافرەتانی کۆیلە بە ئەگەرێکی زۆر جلوبەرگی ڕەنگ نەکراویان لەبەر دەکرد، کە بە ڕەنگی سروشتی کەتان و خوری نەخشێنرابوون، لەوانەش هێڵە تاریکەکانی نێو جلوبەرگەکان وەکو هێڵی ڕەش و خۆڵەمێشی لە خوری مەڕی ڕەش و قاوەیی بەرهەم هاتبوون. ئەم قوماشانە زۆرجار لە ماڵەکان بە دەستی کۆیلە پسپۆڕەکان بەرهەم دەهێنران. کۆیلەکان خاوەنی جلی کەم بوون، کە بە مەبەستی داپۆشین دەیانپۆشی. هەندێکجار ئەم قوماشانە لە گوندەکان یان لە شارەکان بەرهەم دەهاتن، بەڵام دەوڵەمەندەکان تاوەکو سەدەی یەکەمی پێش زایین پێویستیان بەمە نەبوو، بەڵکو ئەو قوماشانەیان دەپۆشی، کە لەلایەن دەزگا پیشەسازیەکان بەرهەم هاتبوون و چنرابوون سەبارەت بە شێوازی قژ و بەستنی یاخود بڕینی قژیان کۆیلەکان دەیانتوانی تەنها لە ڕۆژی منداڵبوونیان قژیان کورت بکەنەوە. (Phang, 2022, pp. 108-109)

هەندێکجار خاوەنی کۆیلە هەڵدەستا بە ئازادکردنی کۆیلەکی ئافرەت، ئامانج لەم ئازادکردنە ئەوەبوو کە بتوانێت هاوسەرگیری لەگەڵدا بکات، هەرچەندە بەبێ هاوسەرگیریش خاوەن کۆیلەکە دەیتوانی ئافرەتە کۆیلەکە بەکار بهێنێت بۆ هەر مەبەستێک هەیبێت (Crook, 1967, p. 51). ژنێک دەیتوانی کۆیلەیەکی پیاو ئازاد بکات بە مەبەستی هاوسەرگیری، بەڵام لێرەدا مەرجە ئافرەتە ئازادەکە خۆی کۆیلەیەکی ئازادکراو بووبێت، واتا ئەویش پێشتر کۆیلە بووە و ئازادی بەدەست هێناوە . (Crook, 1967, p. 52)

## د.پێگەی منداڵ

منداڵی کۆیلە لە ڕۆمادا زاراوەیەکی تایبەتی بۆ بەکار دەهێنرا، بە تایبەتی ئەو منداڵە کۆیلانەی کە لە ماڵەکاندا لە دایکێکی کۆیلە لەدایکدەبوون، پێیان دەگوترا ڤێرنا(Vernae) بەمانای کۆیلەی منداڵ. ئەمانە لە کۆیلە بەدیل گیراوەکان جیا دەکرانەوە . (Bredley, 1994, p. 33)

منداڵی کۆیلە بەو پێیەی کە بە کۆیلەیی لەدایکببوو، کە بە منداڵی پێویست بوو پارێزگاری لێ بکرێت، هەروەها تێچووی بەخێوکردن و پێگەیاندنی دەکەوتە ئەستۆی خاوەنەکەی لە بارێکدا ئەگەر ڤێرنا لەلایەن خاوەنەکەی بفرۆشرابایەوە بە کەسێکی تر دەبووە کۆیلەی ڕاستەقینە. کۆرپەی جێهێڵراو هەبووە لە دوای هەڵگرتنەوەی بۆتە موڵکی ئەو کەسەی کە هەڵیگرتۆتەوە و پەروەردەی کردووە. منداڵان بە جۆرێکی تر بوون بە کۆیلە لەلایەن دایک و باوکیانەوە فرۆشراون، بەتایبەتیش ئەو باوکانەی لە پێناو دابینکردنی پارە بۆ دانەوەی قەرزەکانیان منداڵەکانیان وەک کۆیلە فرۆشتووە، هەرچەندە فرۆشتنی منداڵ قەدەغە کراو بوو، بەڵام هەژاری وای کردووە ئەم کارە ئەنجام بدەن. (Bredley, 1994, p. 34)

ئەو منداڵە تازە لەدایکبووانەی لە لایەن دایک و باوکیانەوە هەندێکجار جێدەهێڵران بۆ ئەوەی بمرن یان کەسانێک کە ئارەزووی هەڵگرتنەوەی منداڵیان هەبوو، ئەوە زۆرجار ئەو منداڵانە بە هۆی شێواوی جەستە یاخود مێینەییان بەجێ دەهێڵران، کە خێزانەکان نەیاندەتوانی بژێوی کچێکی تر دابین بکەن. بەختەوەرترینیان ئەوانە بوون لەلایەن خێزانەکانەوە کە دەیانویست بەخێویان بکەن و لە خۆیان دەگرتن، یاخود ڕەنگە هەندێکیان وەکو کۆیلە لەلایەن ماڵەکان بەخێوکراون. هەندێک لە کچەکان براون بۆ خانەی لەشفرۆشەکان. دیاردەی منداڵی جێهێڵراو لە ڕۆمادا دیاردەیەکی باو بووە. (Matyszak, 2007, p. 22)

لۆسیۆس کۆرنیلۆس سۆلا(١٣٨ –٧٨ پ.ز) سەرکردە و کۆنسوڵ و دیکتاتۆری ڕۆمانی بوو، لە ساڵانی (٨٥–٨٤ پ . ز) لە ئاسیا زۆرێک لە دایک و باوکانی ناچار کرد، کە منداڵەکانیان بفرۆشن بەمەبەستی بە کۆیلە کردنیان. لە ئەنجامدا کۆیلەی ئاسیایی پێش فراوانبوونی دەسەڵاتی ڕۆما بۆ بەشی ڕۆژهەڵات ژمارەی کۆیلە ئاسیاییەکان زیاتر بوو، کە لە دواتر فراوانخوازییەکانی بەشی ڕۆژهەڵات پاڵنەرێکی زیاتر بوون بۆ بازرگانی کردن بە کۆیلە .Treggiari,1969, p) . (2بەگشتی ئەو جۆرە کوڕانەی کۆیلەی لەدایکبووی ماڵەوە بوون لە دۆخێکی باشدابوون، بەتایبەتیش لە وەرگرتنی ڕاهێنان و پەروەردەکردنی باشدا. زۆرجار زانا و پیاوە پیشەییەکان لە منداڵییەوە لە ماڵێکی دەوڵەمەندا بەشێوەیەکی تایبەت پەروەردە دەکران. کۆیلە هەبوو خاوەنە میهرەبانەکەی گرنگی زۆری پێداوە لە کاتی ڤێرناییدا (Treggiari , 1969, p. 11)

منداڵی دایکێکی کۆیلە ڕاستەوخۆ بە کۆیلە هەژمار دەکرێت، دەبێتە کۆیلەی خاوەنەکەی تەنانەت دوای ئازادبوونی دایکەکەش منداڵەکە هەر بە کۆیلەیی دەمایەوە. پەروەردە کردنی منداڵە کۆیلەکان لە ماڵەوە ئامرازێکی گرنگ بوون بۆ هێشتنەوە و بەردەوامبوونی کاروبارەکانی ناوماڵی خاوەن کۆیلەکان. ئەوەی لێرەدا هەستی پێ دەکرێت، زۆرجار ئەم ڤێرنایانە سۆز و خۆشەویستیەکی تایبەتیان پێدەدرا و بە نەرمی مامەڵەیان لەگەڵدا کراوە. لە ڕاستیدا لەوانەیە خودی خاوەن ماڵەکە باوکی ڤێرناکە بووبێت، یاخود لەگەڵ منداڵەکانی خاوەنەکەی پەروەردە بووبێت و وەکو یەکێک لە ئەندامانی خێزانەکەی(Jones & Sidwell, 1997, p. 232)

منداڵە کویلەکان ڕاهێنانی تایبەتییان پێ دەکرا، هەندێکجار بۆ خزمەتگوزارییەکانی نێو ژووری نان خواردن لە کاتی ئامادەبوونی خاوەنەکەیان خزمەتگوزارییان پێشکەش دەکرد. هەندێک لە خاوەن موڵک و خاوەن کۆیلەکان شوێنی تایبەت بە بەخێوکردنی منداڵە کۆیلەکانیان هەبووە، زۆرێک لە دەوڵەمەندەکان ئەم شێوازە ڕێکخستنەیان هەبووە. ئەم جۆرە خزمەتگوزارییە لە ژووری نان خواردن وەک شێوازێکی جوان و بەرچاوی ماڵی دەوڵەمەندەکان بینراوە، کە لە چوارچێوەی کۆشک و ڤێلای دەوڵەمەندەکان بووە، ئەمەش ئەوەمان پێ دەڵێت خزمەتگوزارییەکانی ژووری نان خواردن ڕەنگە زیاتر لە پێشکەشکردنی خواردن و شەرابی لە خۆگرت بێت (Rawson, 2003, p. 189)

سەبارەت بەو منداڵانەی کە بەردەوام بەرکەوتەی کەشی گشتی شارەکانی خۆیان بوون، کە بۆ بژێوی ژیان کاریان دەکرد. زۆرجار نیشتەجێی شوێنی بچووک یاخود لەناو دوکان و سەر دوکانەکاندا ژیانیان بەڕێ دەکرد. منداڵانی کۆیلە هاوشان لەگەڵ خاوەنکانیان هاموشۆی بازاڕەکانیان دەکرد، یان ئەرکەکانیان بەڕێوە دەبرد لە بازاڕەکان. هەندێکجار بە یاوەری خاوەنکانیان دەچوونە فیستیڤاڵ و ئاهەنگەکان و نمایشی کاروانەکان، کە لە ڕۆمادا باو بوو. هەندێکجار لە ڕۆمادا نمایش و سەر کەوتنە سەربازییەکان لە ڕێگای پێشبڕکێ و نمایشی سەربازی و نیشاندانی پێشبرکێی گالیسکەکان ئەنجام دەدرا(Rawson, 2003, p. 275)

ئەو منداڵانە لە ئەنجامی دووگیان بوونی نەخوازراوە دروست دەبوون، لە دوای لە دایکبوونیان چارەنووسیان لە لایەن باوک یان خاوەنی دایکەکەی یەکلایی دەکرایەوە. ئەگەر منداڵەکە لە ڕووی جەستەیی و تەندروستییەوە بێ کێشەبایە یان منداڵێکی شەرعی بایە، بەتایبەتی ئەگەر ڕەگەزی کوڕ بایە ئەوا دەرفەتی باشتری هەبوو لەلایەن خێزانەکەیەوە وەربگیرێت، بەڵام ئەگەر باوکەکە ڕەتی بکردایەوە ئەوە منداڵەکە چارەنووسی ئەوە بوو، زۆرجار دەهێنرایە شوێنێکی گشتی وەکو دەروازەی پەرستگاکان بۆ ئەوەی بە ئاسانی بدۆزرێنەوە بەجێ دەهێڵران، هەندێکجار هێما یان نیشانەیەکیان وەکو ئەڵقە لەگەڵی جێ دەهێشت، کە لەدواییدا بە هۆیەوە دەناسرایەوە. هەندێکجار ئەم منداڵانە لەلایەن بازرگانەکانی کۆیلەوە هەڵدەگیرانەوە و پەروەردە دەکران، بۆ ئەوەی ببنە لەشفرۆش یاخود سواڵکەر، تەنها چەند منداڵێکی کەم لەلایەن خێزانە ئازادەکانەوە بەخێودەکران(Ryan, 2021, p. 19)

شتێکی نامۆ نییە، ئەگەر باوکێکی هەژار کوڕەکەی بفرۆشێت، بە مەبەستی بە دەستهێنان و کۆکردنەوەی پارە. بەتایبەتی ئەو منداڵانەی کە ڕاهێنرابوون وەکو دارتاش و خشت ساز و شوان و ...هتد، کە دەیانتوانی نرخێکی زۆر بەرانبەر لێهاتووییەکەیان وەربگرن، هەروەها تەمەنیان گەنج بوو، دەیانتوانی بۆ ماوەی چەندین ساڵ کار بکەن و بەرهەمیان هەبێت بۆ خاوەنەکەیان . (Balsdon, 2014, p. 125)

لە کۆتاییەکانی کۆماری ڕۆمادا منداڵە کۆیلەکان شانبەشانی منداڵە ئازادەکان دەرۆیشتن، یارییان دەکرد، ژیانیان دەگوزەراند، بە هەمان زمان قسەیان دەکرد و هەمان جلوبەر گیان لە بەردا بوو، بەڵام بەپێچەوانەی نزمترین و هەژارترین دراوسێیە ئازادەکانیان دەتوانرا بەبێ ئاگادار کردنەوەیان بفرۆشرێن و بەبێڕەحمترین شێوە سزا بدرێن و بێ تۆڵەسەندنەوە بکوژرێن، چونکە لە ڕوانگەی یاساوە کۆیلە مرۆڤ نەبوو، بەڵکو ئامرازێک بوو یاخود دڕەندەیەک بوو، زۆرجار وەکو بارگرانییەک بەسەر خاوەنەکەی دەبینرا .(Ryan, 2021, p. 166)

ئەو ڕاهێنانەی بۆ منداڵە کۆیلە کوڕەکان جیاواز بوو بە بەراورد لەگەڵ کۆیلە کچەکان. کۆمەڵێک کاری تایبەت هەبوو، کە زیاتر لەگەڵ تایبەتمەندی جەستەییەکانی کۆیلە مێیینەکاندا دەگونجا، وەکو چاودێریکردنی منداڵ و هەندێکجار لێهاتووی کارگێڕی و لەشفرۆشی و سەماکردن. (Rawson, 1991, p. 206). وا دەبینرێت کە منداڵانی هەژار و کۆیلە لە تەمەنێکی بچوکدا کاریان کردبێت، کە لە تەمەنی 5–7 ساڵی منداڵان ئەرکە سوک و ئاسانەکانی کشتوکاڵی و ماڵەوەیان ئەنجام دەدا. منداڵانی کۆیلە لە ماڵە دەوڵەمەندەکان ئەرکی ناڕوون و نادیاریان پێ سپێردراوە، کە زۆرجار پێیان دەگوترا دیلیسیۆم (Delicium) بەمانای ئازیز دێت یاخود وەکو ئاژەڵێکی ماڵی بەخۆشەویستییەوە مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرا، هەندێکجار ڕوبەڕووی دەستدرێژی سێکسی دەبوونەوە(Phang, 2022, p. 46) .

منداڵانی ئەو خێزانانەی لە ئەنجامی هاوسەرگیری نافەرمی نێوان کۆیلەکان دەهاتە بەرهەم، پێگە و تایبەتمەندییەکانی دایکی وەردەگرت. واتە ئەگەر دایکەکە کۆیلە بووبێت، مندڵەکەش چارەنوسی کۆیلەبوون بوو. هەندێ جار منداڵەکان لە

دایک و باوکیان جیا دەکرانەوە لەلایەن دایانێکی تایبەت لە لادێکان بەخێو دەکران و شیریان پێ دەدرا، دواتر ڕاهێنانی پیشەیی تایبەتمەندییان پێ دەکرا، هەروەها منداڵانی کۆیلە دەتوانرا وەکو دڵنیاییەک لە بەرامبەر قەرزدا پێشکەش بکرێت، بۆئەوەی لە کاتی نەگەڕاندنەوەی قەرزەکە منداڵە کۆیلەکە بگوازرێتەوە بۆ خاوەن قەرزەکە. زۆرجار دایکانی کۆیلە هاندەدران بەمەبەستی خستنەوەی منداڵ، چونکە ئامانج لێی بەدەست هێنانی کۆیلەی منداڵ بوو. کۆیلەی منداڵ بە بەراورد لەگەڵ کۆیلەیەکی گەورە بەهاکەی گرانتربوو، خاوەن کۆیلەکان پەروەردە کردن و ڕاهێنانی منداڵانی کۆیلەیان بە وەبەرهێنان دەزانی . (Phang, 2022, p. 58)

هەندێکجار ئەو منداڵانەی کە لە دایک و باوکێکی هەژار بوون و توانای بەخێوکردنیان نەبوو، لەلایەن بازرگانانی کۆیلە یان هاوسەرە بێ منداڵەکانەوە هەڵدەگیراوەنە، ئەمەش بەتایبەتی پێش کۆتایی هاتنی کۆمار کاتێک کە خواست لەسەر کۆیلە زۆر بوو .(Dillon & Garland, 2021, p. 306)

بە پێی یاسای دوازدە خشتەک، باوک بۆی هەبوو کوڕەکەی بفرۆشێت، فرۆشتنەکە ئەگەر بکەوێتە دەرەوەی سنووری نیشتمان، ئەوا کوڕەکە دەبێت بە کۆیلە، بەڵام ئەگەر هات و فرۆشتنەکە لە چوارچێوەی سنووری نیشتیمانی باوکی بێت، ئەوە پێی دەگوترێ کۆیلایەتی باوک، بە فرۆشتنی بە کەسێکی تر دەبوو بە کۆیلەی کڕیار. فرۆشتنی کوڕ لەلایەن باوکیەوە بۆ ئەوەی ناچاری بکات بە کارکردن، هەر باوکێک بۆی هەبوو کوڕەکەی سێ جار بفرۆشێت. ئەمەیان نەریتێک بوو زۆر کۆنتر بوو لە یاسا(Greenidge, 1901) . ئەگەر منداڵ نەیتوانیبایە ئەرکەکانی دایک و باوکی جێبەجێ بکات، هەروەها دابونەریتە کۆمەڵایەتییەکانیش ڕێگەیان دەدا، کە دایک و باوک وەک ڕێوشوێنێکی سزادان منداڵەکەیان بفرۆشن بۆ کۆیلایەتی، ئەمەش لە کاتێکدا کە دایک و باوک خۆی لە نائومێدترین بارودۆخدا ببینێتەوە. زۆرجار بە هۆی ئەم هەڵوێستەوە هەستی بە شەرمەزاری دەکرد .(Evans, 1991, p. 220)

## دەرئەنجام

دوای تاوتوێکردنی زانیاری نێو سەرچاوەکان لەبارەی جۆر و دۆخی کۆیلەکان لە ئیتاڵیا لە ماوەی ساڵانی (١٤٦ -٤٩ پ.ز) دەگەینە چەند ئەنجامێک کە بەم شێوەیە پۆلێنیان دەکەین :

– لە ڕۆمای کۆن کۆیلایەتی هەر لە سەردەمی پاشایەتییەوە هەبووە، بەڵام پتر لە سەردەمی کۆماری پەرەی گرتووە، ئەمەش لەبەر زۆربوونی ئەو شەڕانەی کە ڕۆما لە ناوچە جاجیاکان کردوویەتی، بۆیە پێدەچێت جۆری ئەو کۆیلانەی دیل بوون وبە هۆی شەڕەکانەوە دەکران بە کۆیلە ژمارەیان زۆر بووبێت .

– کۆیلەی گوندەکان و شارەکان ڕێژەیان بەرچاو بوو، هەندێک لەو کۆیلانە کاری زۆر گرنگیان ئەنجام دەدا وەک مامۆستایی و پزیشکی...هتد .

– لەنێو کۆیلەکاندا ئەوانەی لە هەمووان پتر مەترسییان لەسەر بوو، کۆیلە گلادیاتۆرەکان بوون، کە زیاتر بۆ مەبەستی سەرگەرمی و چێژ وەرگرتنی دەسەڵاتداران لە هونەرەکانی جەنگ بەکار دەهێنران ، بۆ ملبەملە و بەرانبەرەکێ و ڕووبەڕووبوونەوە، جا چ لەگەڵ کۆیلەی دیکە یان لەگەڵ ئاژەڵانی دڕندە بەکار دەهێنران .

– کۆیلەکان خودان پێگەیەکی نزمی کۆمەڵایەتی بوون، لەنێو کۆمەڵگادا ڕووبەڕووی ئەغز و ستەمی زۆر دەبوونەوە، بە تایبەتی ئافرەت و منداڵەکان کە زیاتر بە کار دەهێنران ستەمیان لێدەکرا .

### – سەرچاوە بە زمانی ئینگلیزی:


- Andreau, J., & Descat, R. (2006). The Slave in Greece and Rome. (M. Leopold, Trans.) London: The university of Wisconsin press.
- Balsdon, J. (2014). All About History Ancient Rome. London: Imagine publishing.
- Bradley, K., & Cartledge, P. (2011). The combridge World History of Slavery (Vol. 1). NewYork, combridge university press.
- Bredley, K. (1994). Slavery and society at Rome. Geart Britain: Combridge university press.

- Burks, A. M. (2008). Roman Slavery a study of Roman society and its Dependence on Slaves .
- C.Knapp, R. (2011). Invisible Romanes. London: PROFILE BOOKS .
- Crook, J. (1967). Law and life of Rome . NewYork : Cornell university press.
- Dillon, M., & Garland, L. (2021). The Ancient Romans History and Society from the Early Republic to the Death of Augustus. NewYork: Routledge.
- Dixon, S. (1992). The Roman Family . London: The Johns Hopkins press.
- Erdkamp, P., Verboven, K., & Zuiderhoek, A. (2015). Ownership an Exploitation of land and natural Resources in the Roman world . UK: Oxford university press.
- Evans, J. K. (1991). War Women and children in ancient Rome . New York.
- Fields, N. (2009). Spartacus and The Slave war 73 - 71 BC . New York.
- Glay, M. l., Voisin, J. L., & Bohec, Y. L. (2009). A History of Rome. (A. Nevill, Trans.) UK: WILEY-BLACK WELL.
- Greenidge, A. H. (1901). Roman public life . London: Oxford .
- Hemelrigk, E. A. (2021). Women and society in the Roman world . UK: combridge university press.
- Jones, P., & Sidwell, K. (1997). The World of Rome. Combridge university press.
- Kinsey, B. (2011). Ancint Rome . Malaysia: Marshall Cavendish.
- Matyszak, P. (2007). Ancient Rome on Five Denarii a day. London: Thames & Hudson.
- Nicholas, B. (n.d.).(2008 ).An Introduction to Roman law. New York: Oxford university press.
- Phang, S. E. (2022). Daily life of Women in ancient Rome. Santa Barbara: The Greenwood Press.
- Rawson, B. (1991). Marriage, Divorce and Childern in Ancient Rome. Canberra: Oxford.
- Rawson, B. (2003). Children and Childhood in Roman Italy. NewYork: Oxford university press.
- Ryan, G. (2021). Naked Statues Fat Gladiators and war Elephant. Prometheus Books.
- Treggiari, S. (1969). Roman freedmen during the late Republic. great Britain: Oxford.
- Treggiari, S. (1991). Roman Marrige . NewYork: Oxford.
- Wisdon, S. (2003). Gladitors 100BC-200AD. UK: Oxford.



- Wisdon, S. (2003). Gladitors 100BC-200AD. UK: Oxford.


سەرچاوەکانی بە زمانی عەرەبی


- ابوبكر ,ف) .٢٠١٠ .(تاريخ الروما من نشأة المدينة حتى سقوط الجمهورية .أسكندرية :دار المعريفة الجامعة .
- صفدي ,ه) .١٩٦٧ .(تاريخ الرومان في العصور الملكية والجمهورية و الامبراطورية حتى عهد الامبرطور قسطنطين .بيروت :دار الفكر الحديث.
- مؤمن ,ع .م) .٢٠١٢ .(الحياة الاجتماعية الرومانية خلال عهد الجمهورية )١٣٣-٢٧ ق .م .(جامعة بنغازي.
- نصحى ,ا) .١٩٧٣ .(تاريخ الرومان .قاهرة :منشورات الجامعة الليبية.
- هامرتن ,ج) .١٩٧٠ .(تاريخ العام الحياة الاجتماعية في ظل الجمهورية) .و .ا .العمومية .(Trans ,القاهرة :دار النهضة.

# الوضع الاجتماعي للعبيد في روما خلال الأعوام (146 – 49 ق.م)

**قادر محمد حسن**
قسم التاريخ،كلية اداب،جامعة صلاح الدين–اربيل،
إقليم كوردستان،العراق
qader.hassan@su.edu.krd

**ئاسۆ كاسترۆ حسن**
قسم التاريخ،كلية اداب،جامعة صلاح الدين–اربيل،
إقليم كوردستان،العراق
asocastro188@gmail.com

**الملخص**

تعد الدولة الرومانية من الدول القديمة و المعروفة في التاريخ القديم بالدولة التي كانت تتضمن الآف العبيد، ولاسيما في أواخر العصر الجمهوري وذلك بسبب حروبها و حملاتها الكثيرة، وأصبح في تلك الحقبة، مسألة العبيد الشغل الشاغل للمجتمع والدولة على حد سواء، درس هذا البحث أنواع العبيد و مكانتهم الإجتماعية فمنهم من يعمل في مؤسسات الدولة والأراضي والمزارع والمنازل ولذلك فإنهم كانوا يتعرضون للكثير من الحيف الاجتماعي فضلا عن القمع والحرمان، بالإضافة الى ذلك يناقش هذا البحث ايضا مسألة المكانة الإجتماعية للعبيد في المجتمع الروماني و الوضع الإجتماعي للمرأة والأطفال من العبيد، و من ناحية أخرى. تمت مناقشة الحالات الاجتماعية للعبيد من التركيبة الأسرية إلى مختلف مستويات البنية الاجتماعية ودورهم في هذا المجال.

**الكلمات المفتاحية :**العبيد، العبودية،المصارع ، الوضع الاجتماعي

## The Social Status of Slaves in Rome During the Years (146– 49 BC)

**Qader Muhamed Hassan**
Department of History, College of Arts, Salahaddin University-Erbil, Kurdistan Region, Iraq
qader.hassan@su.edu.krd

**Aso Castro Hassan**
Department of History, College of Arts, Salahaddin University-Erbil, Kurdistan Region, Iraq
asocastro188@gmail.com

**Abstract**

The Roman state is one of the ancient states known in ancient history as the state that included thousands of slaves, especially in the late Republican era due to its many wars and campaigns. In that era, the issue of slaves became a major concern for society and the state alike. This research studied the types of slaves and their social status. Some of them worked in state institutions, lands, farms and homes, and therefore they were exposed to a lot of social injustice as well as oppression and deprivation. In addition, this research also discusses the issue of the social status of slaves in Roman society and the social status of women and children of slaves. On the other hand, the social status of slaves was discussed from the family structure to the various levels of the social structure and their role in this field.

**Keywords**: Slave, Slavery, Gladiator, The Ssocial status